کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 22:11بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**وەڵامێک بۆ ئەو پەشۆکاوەی لە ئەمەریکا بێرێزی بەرامبەر هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) دەکات و بەکەسێکی ئاست نزم ناوی دەبات ... باوکی شازاد**

بەداخەوە لە سایتی کوردستان پۆستی خۆشەویست کەسێک بە ناوی (ڕێبواری پەشۆکاو) لە بابەتێکی زۆر بێ مانا هێرشی کردۆتە سەر پێشمەرگەی دێرین کاک کۆسرەت کە گوایە سیمنارێکی فاشیلی ئەنجامداوەو پاش 20 دەقیقە لەبەر دەستی چەند پەشۆکاوێک هەڵاتووە هۆڵەکەی جێ هێشتوە، من لێرەوە تەنها دەڵێم شەکرێکت شکاندو خواردتان بەڵام شەکرێکی تۆزێک مزر نەک شیرین، ناهەقت ناگرم لەبەر ئەوەی دەزانم جەنابت نە کۆسرەتتان دیوەو نەدەیناسن هەر لە دوورەوە ناوبانگی ئەو کەڵە مێردەتان بیستوە، باش دەزانم کە تۆ لەو سێمیناره ئامادە نەبویت لەبەر ئەوەی ئەگەر لەوێ بویتایە ناوی ئەو شارەت دەهێنا کە سێمینارەکەی لێ کراوە، بەڵام دیارە مامۆستاکانت باش فێریان نەکردویت کە چۆن بێرێزی بە خەڵکانی لە خۆت بەرز تر بکەیت، لەبەر ئەوەی کاتێک کە کاک کۆسرەت لێپرسراوی ڕیکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو لە شاری هەولێر تۆ ئە وکاتە لە سکی دایکت و پشتی باوکت بویت هێشتا هەوای سەر دونیاتان وەر نەگرتبوو کاتێکیش کە ئەو پیاوە مەزنە ڕابەرایەتی شەڕەکانی سەر کردایەتی دەکرد دوو کۆرپەی جوانی لە کونەتەیارەکانی سماقولێ شەهید ببو نەگەڕایەوە تاکوو شەڕەکان بە سەرکەوتویی کۆتایی پێهات کە هاتەوەش مناڵەکانی شاردرابونەوە بە ئەمانەت، دوایی تەرمەکانیان گواسترایەوە بۆ شاری هەولیر، ئەو کاک کۆسرەتە تەنها چەند فرمێسکێکی هاتە خوارەوەو مناڵە شەهیدەکانی ماچ کرد، ئەو کاتەش لەوانەیە تۆ لە باخچەی ساوایان بویت لە تەمەنی هەردوو کوڕەکەی ئەو بویت، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی باوکیان پێشمەرگەبوو دەبوایە لە ناو شاخەکان بژیابان و بەو شێوە شەهید بکرێن، بەڵام تۆ لە ماڵێکی گەرم و گوڕ و لە باوەشی دایک و باوکت لە سەر سیسەم دەنوستی، ناهەقت ناگرم کاتێک کە کاک کۆسرەت بە ساچمەی بۆردومانی دوژمنانی گەلەکەمان بریندار بوو کە ئیستا چۆتە ئەمریکا بۆ ئەوەی عیلاج بکریت ئەو کاتە خزم و کەس و باوکی تۆ لە فەوجەکانی خەفیفە ناوی خۆیان تۆمار کردبوو بە ژیانی (جاشایەتی و پاشایەتی) ڕازی بوون، لەکاتێک کاک کۆسرەت لە ناوشەڕەکان لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی خەباتی دەکرد خەڵکی وەک مامۆستاکانت لە شارەکان خەریکی پارە پەیدا کردن بون و لە پێش چاویان بەسەدان هەزار کەس ماڵی کاول دەکراو ئەنفال دەکراو کیمیا باران دەکران ئەوانیش لە ناو ماڵەکانی خۆیان نەدەهاتنە دەرەوەو دەبوای کاتێک کە سەدامیش بهاتایە بچوبایە مەسیرەو هەلهوڵە ی بۆ بەعس لی بدایە، بەڵام دیسان ناهەقت ناگرم (ئەوەی ئەڵماسی نەدیبێت) چۆن سەری لە جۆرەکانی ئەڵماس دەردەچێت، ىپاشلە کاتی ڕاپەڕینیس دیار بوو بروسکەکانی (لە باوکی ڕیناسەوە) بۆ گشت شانە چەکدارەکان چۆن چۆکی بە دوژمن دابوو دوژمنان وەکو بەفری چیاکان دەتوانەوەو تەسلیم دەبون خەڵک کە گوێیان لە ناوی کاک کۆسرەت دەبوو بەوان بوایە بجن دەستی ماچ بکەن، لەو کاتەش ئیوە وەکو مریشک لە کولانەکانتان دەرنەدەچون نەوەک گوللەیەکی وێڵتان بەر بکەوێت، پاس ڕاپەڕینیس کاتی کۆڕەوەکە لەلایەک کاک کۆسرەت بەرگری دەکرد لە ناوچەکانی کۆرێ و لەلایکی تریش مەفرەزەکانی کاک کۆسرەت خەریکی گواستنەوە 155کەسی ئەمن و ئیستخبارات بون لە شەقلاوە هەر لە کاتی گەیشتنی هەواڵی ڕەشەکوژیەکەی هەولێر کاک کۆسرەت بڕیاری دا تۆڵەی ئەو شەهیدانە بکرێتەوە لەو دوژمنانەی کە دەیان ساڵ بوو ئێمەیان دەچەوساندەوەو لە ناویان دەبردین شەرەف و کەرامەتی خەڵکیان بردبوو هەر هەمویان بە سزای گەل گەیاندن ئەو کاتانە خەڵکی وەکوو ئیوە لە سەر سنورەکان تۆزتان دەکرد چاوەڕوانی ئەوەبون لە سەر سنور رزگار ببن و بچنە دیوی ئەو دیو ئەوەیە جیاوازی کاک کۆسرەت لە گەڵ ئیوە، بەکوێرانە سەیری مەوزوعەکان مەکەن کە کەسیک ناناسن بۆ باسی دەکەن نزانن کاک کۆسرەت خاوەنی خەڵکیکی زۆر بی ژوماری کوردستانەو لە جیاتی ئەو خەڵکی تر هەیە وەلامتان بداتەوە کەس و کاری شەهیدان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێشمەرگە دێرینەکان و ڕێکخستنەکانی کۆن هێشتا وەکو سومبولێک تەماشای ئەو کەسە دەکەن هەرچەندە سوکە گلەییشمان لە سەرکردە قارەمانەکان هەبێت بەڵام لە کاتی پێویست وەکوو (کۆنە خەنجەری پشتی کەندوەکان) کاری خۆمان دەکەین، ئیوە تەنها ئەوەی بۆتان دەنوسرێت وەکو بێژەرەکان دەبێ ئەوە بخوێننەوە بۆتان نیە لەوە زیاتر شتێکی تر بخوێننەوە، وەکو ئەکتەر وان نابێ لە نەسەکەی کە لەبەرتان کردون دەربچن خۆ ئەگەر دەرچون ئەوە دەبێتە هۆی تورەبونی دەرهێنەر و نان براوتان دەکات، دە تەنها جارێک ئێوەش وەکو کاک کۆسرەت ئازابن شتێک بکەن با خەڵک بتان ناسێت و ببن بە کەسایەتیەکی وەکو ئەو، خۆ کاک کۆسرەت کوڕی پیاوێکی هەژاری کوردەواری بو خەڵکی کوێرە دێیەکی دەشتی کۆیە بوو، بەڵام بە خەباتی خۆی و بە لێبوردوی خۆی بو بەو کاک کۆسرەتەی کە ئێستا دەیبینن دۆست و دوژمن شایەتەدی بۆ جوامیری و لێوەشاوەیی ئەو سەرکردە ئازایە دەدەن، وە هەزاران کەس منالی خۆی بە ناوی ئەو لێناوە بەهەزاران کەس پڕ بەدڵ خۆشی دەوێت بێ ئەوەی بیناسێت هەر لە دورەوە شارەزای پیاوەتی و کورد پەروەری ئەو پیاوە بونە، خۆ زۆری وەکو تۆش لە داخی ئەو کاک کۆسرەتە وەختە وەکو ئافرەتی دووگیان بەر باوێن و شەق بەرن، بەڵام شتێک هەیەو دەبێ خۆت و مامۆستاکانت بیزانن ئەویش ئەوەیە کاک کۆسرەت لە پاش ئەوەی مام جەلال ماڵ ئاواییمان لێ دەکات و جێمان دێڵێت وەیان پشوی تەمەن وەردەگرێت هەر خۆی کەسی ژمارە یەکە بۆ ئەوەی ببێت بە سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو پۆستەش هەر لە خۆی دەوەشیتەوە لەبەر ئەوەی لە هەموو کەسێک موستەهەق ترەو جەماوەری یەکێتییش هەر هەموی ڕازین لەسەر ئەوەی کاک کۆسرەت ببێت بە سکرتێری گشتی وە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیس لەسەر دەستی ئەو پیاوە جاریکی تر دێتەوە سەر دۆخی جارانی و بەڵانسی خۆی وەردەگریتەوە، جا ئێوەش هەر لەدورەوە وەکو پیرێژنە دۆ لێرژاوەکان پرتەو بۆڵەتان بێت، لەکاتێک جەنابت دەڵێی کۆسرەت هاتبو سیمینار بکات هەرچەندە من زانیاری تەواوم لەسەر ئەو سیمینارە نیە بەڵام مسۆگەری دەزانم قسەکانت وانیە، کۆسرەت لە کوردستان بە نەخۆشی هاتۆتە ئەمریکاو هێشتا داوی عەمەلیاتی لێ نەکراوەتەوە مەترسیدار ترین ئۆپەراسیۆنی بۆ ئەنجامدراوە، دەتەوێت بێت 4 سەعات قسەت بۆ بکات و جەنابیشت پرسیاری قەڵەو قەڵەوی لێ بکەیت ئەویش خۆت ووتەنی بەترسەوە وەڵامت بداتەوە شتی وا چۆن دەبێت، زۆر خەیاڵتان خاوە کاک کۆسرەت لە ئیوە بترسێت لەبەر ئەوەی هێندەی من ئەو کەسە دەناسم تەنها نازانێت ترس چیەو لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، جا لە بەردەستی کەسێکی وەکو تۆی پەشۆکاو دەبەزێت و هەڵدێت ئەوە ناچیتە قوتوی هیچ عەتارێکەوە، دوایی دەمەوێت شتێک هەیە بەبیرتی بێنمەوە، ئەو پیاوە چی هەیە لێی بترسێت بەدریژی تەمەنی خۆی خەباتی کردوە و زۆر باوەڕیشی بە ئەجەل هەیە کە هەر ئەوەشە وای کردوە لەهیچ شتیک نەترسێت، هێندە پاکە وەکو ئاوێنە ڕابوردوی بریقە دارە ئەوەی هەیەتی ئەو سەرمایە مەزنەیە کە ئەویش خۆشەویستی خەڵکی هەموو کوردستانە ئەوەی من بیزانم دوژمنەکانیشی زۆر ڕیزی لی دەگرن وەکو شەخسی کاک کۆسرەت هەر چەندە باوەڕ ناکەم ئەو کەسە دوژمنی شەخسی هەبێت لەبەر ئەوەی هەرچی کردویەتی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بوەو لە ڕێگای یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە توانیویەتی ئەو خزمەتە بگەیەنێت بە جەماوەری خەڵکی کوردستان، هەرچەندە ڕوی شەڕی ناوخۆش ڕەش بێت کە کاسانی وەکو کاک کۆسرەتیشی تی گلاوە بە هۆی ئەوەی جێگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، دەبوایە ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهینابایە بەڵام من بۆ ویژدان ئەو قسەیە دەکەم کە زۆر دژی شەڕی برا کوژی بوو، هەتا لە تواناشی دا هەبوایە نەیدەهێشت کاری نامرۆییانە ڕوبدات ئەوەندەی کە ئاگادار بویە، کاتیکیس کە شەرارەی یەکەمی شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد بە خۆیی و 60 کەس لە پێشمەرگە ئازاکان چوە نیو ماڵی مەسعود بارزانی و بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کاک مەسعودی ووت پ و ی ناوێت کوڕی خەڵک بە کوشتن بدەین فەرمون با خۆمان لێرە ساغی بکەینەوە خۆ ئەو کاتە ئەگەر بیویستایە دەیتوانی گورزێکی زۆر کوشندە لە بنەماڵەی بارزانی و سەرکردایەتی پارتی بوەشینێت بەڵام دانی بە خۆیدا گرت و کاک مەسعود هێوری کردەوە کە ئەوە یەکێکە لە نهینیە گرنگەکانی ئەو کەسە کە هەتا ئێستا لە هیچ شوینێک نەمبیستۆتەوە، بەڵام من لیرەوە دەمەوێیت باسی بکەم، زۆر جارایش گوێمان لێ بوە دەڵێت هەر کەسێک دەزانێت بەرژەوەندیەکی تایبەتی بەناوی کۆسرەت لە هەرکوێ هەیە با گەلی کوردی لی ئاگادار بکەنەوەو بیکەن بە موڵکی دەوڵەت، هەرچەندە من ناتوانم بڵێم خەلکانی دەورو پشتی ئەو سودمەند نەبونە لەبەر ئەوەی لە کوردستان ئێستا هاوکێشەکە گۆڕاوە پاش ساڵی 1996 من زۆر ئاگاداری نەبومە ئەوەی دەیزانم لە دەمی خەڵک و برادەران بیستومە، جاران کە من دەمناسیو لێی نزیک بوم، هیچ خزمێکی ئەو نەدەبوا نزیک بکەوێتەوە لە شوێنەکانی کە شکی ئەوەی لێ دەکرا خەڵک پارەی لێ پەیدا بکەن، بۆ نمونە جاریکیان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی دانیشتبوین لە سەر ڕێگای مەسیف کە ئێستا بارەگای نێچیروان بەرزانیە پاش 31 ئاب پارتی دەستیان بەسەر داگرت، هەواڵیکیان پێ ڕاگەیاند کە یەکێک لە خزمەکانی خزمیکی نزیکیشی نەبوو تەنها لە عەشیرەتی (مەرزان) بوو بە ناوی (فاروق) کەچوە بۆ خاڵی پشکنینی کەڵەکی یاسین ئاغا کار بکات بەبێ ئەوەی کە شتیکی ناشرینیشی کردبێت هەر لە هەمان کاتدا مەفرەزەیەکی نارد ئەو کوڕەیان هێنا کە مفەوەزی پۆلیس بوو لە پێش چاوی خەڵک لێیداو ڕەزیلی کرد دەستمان گرت بۆ ئەوەی کە وازی لێ بێنی، پێمان ووت کاکە خۆ کارێکی ناشایستەی نەکردوە بۆ وا لێی توڕەبویت، ووتی ئێوە نازانن من بۆ ئەوە خەبات و کوردایەتیم نەکردوە لە پەنای منەوە بەناوی خزمایەتی خەڵک دزی بکات و خۆی دەوڵەمەند بکات، من دەزانم ئێستا خەڵک خزمی من لەو شوینانە ببینێت چی دەڵێت و گلەییم لێ دەکەن، لەوانەیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان موحاسەبەی دزێک بکەم ئەوەم بە چاو دا بدەنەوە کە بۆ ڕێگامداوە خزمی خۆم لەو شوێنانە کار بکەن کە بۆنی دزیو گەندەڵی لێ بێت، جا کەسێک ئەوەندە ئاگداری سومعەی خۆی بێت کە لە شتێکی ئاوا بچوک بپێچێتەوە دەبێ لە چی بترسێت، من ئەو ماوە کورتەی کە لە بەرەی کوردستانی زۆر لە نزیکەوە کارم لە گەلدا کردوە لە دواتریش هەتا 31 ئاب هەر لە نزیکی بوم هەمان کەس بوو هیج ناگۆرابوو باشتر ببو لە جاران بە هۆی ئەو ئەزمونە باشەی کە وەری گرتبوو لە بەرێوە بردنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران من وەکوو ناسیاوێکی کۆنی زەمانی گەنجایەتی کە ئەو کاتە ناوی (عەبدوڵا ڕەسول) بوودەیناسم وە لە دواییش وەکوو کادیریکی یەکیتی و کەسو کاری شەهیدان ئەوەندە لیی نزیک بوم لە سەردانی خەڵک و ماڵی برادەرەکانیشی زۆر جار لەگەڵی دەچوم پیاوێکی تا بلێی هێمن بو، خەڵکی باش و خراپی زۆر بە چاکی لەیەک جیا دەکردەوە، لەکاتی تەنگانەدا وورەی لە هەموو کاتەکان بەرز تر بوو، لە کۆڕو کۆبونەوکان قسەکانی زۆر بە ئاسانی نیشانەکانی خۆی دەپێکا واتە قسەکانی کە دەیکرد زۆر بە ئاسانی قەبوڵ دەکراو خەڵک تێی دەگەیشتین، بەدەیان کەس ئامادە بون لەسەر فەرمانی کاک کۆسرەت ژیانی خۆیان بەخت بکەن، زۆریشمان دەدیت کە چۆن شەهید دەکران لە شەڕەکان، زۆر کاری باش و بەجیی دەکرد جیاوازی نەدەکرد لە نێوان خەڵکی هەموو شارەکانی کوردستان لای هەموان ڕیزی تایبەتی هەبوو، جا کەسیک خاوەنی ئەو کەسایەتیە بێت چۆن کەسانی ساواو نەفامی وەکو پەشۆکاو و مامۆستاکانی لە خۆیان ڕادەبینن سوکایەتی پێ بکەن وهەڵەی وا بکەن، نازانم ئیستا ئەو پیاوە بۆ دەبێ لەدەست چەند کەسیکی پەشۆکاوی دانیشتوی ئەمەریکا ڕا بکات ومیوانەکانی جێ بهێلیت خەڵکیک دەترسێت کە خاڵی لاوازی هەبێت، فایلدار بێت، دزی گەورەبێت، خاوەنی سەروەت و سامان بێت، پیاوێکی ترسنۆک و بێ خەبات بێت، کەسێک بێت کە بە هەقی خۆی نەگەیشتبێتە ئەو پلەو پایەی کە هەیەتی، کەسێک بێت لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەر ئەمجادی باوک و باپیرانی بوبێت بە سەرکردە، کەسێک بێت کەموو کورتی هەبێت بەرامبەر بە کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان وبریندارەکانی شەڕ، خەڵک لەو کاتانە دەترسێت بەرامبەر جەماوەر دابنیشیت و قسە بکات بەڵام ئەوەی من بیزانم ئەوانەی کە هاتونەتە لای کاک کۆسرەت تەنها بۆ ئەوە هاتونە بۆ بیبینن و پرسیار کردن لە تەندروستی جەنابیان بکەن، نەهاتون کاک کۆسرەت باسی وەزعی ئیستای کوردستانیان بۆ بکات، ئێمە هەمومان دەزانین کە وەزع چۆنەو دوژمنانی کورد خەریکن چی بکەن هەر یەکێک لە ئێمە هیندەی ئەندامێکی سەرکردایەتی دەزانێت و سەری لە دونیا دەر دەچیت، چی پێویست ناکات ئەو جۆرە پرسیارانە ئاراستەی کەسێکی نەخۆش بکەن کە کاتێک ئەو هاتۆتە دەرەوە هیچ هێرشێکی تورک لە ئارا دانەبوە، بەڵام خۆشەویستی ئەو خەڵکە وای کردوە کە بچن بۆ دیدەنی و چاوی پێیان ڕۆشن بێێتەوە، وە هەر ئێستا ئەگەر تەشریف بێنێت بۆ ئەوروپا بە هەزاران کەس حەز دەکات چاوی پێی بکەوێت من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر موشتاقم بیبینم دوو جار سەفەری کوردستانم کردوە لەو کاتە لەوێ نەبوە بچمە سەردانی، هیوادارم هیچی تر بە گژ کاک کۆسرەت دا نەچنەوە لەبەر ئەوەی کەسیکی ئەوەندە بەرزە وەکوو چیاسەرکەشەکانی کوردستانە، هەرکەسیک سەری خۆی لەو جۆرە شاخانە بدات توشی مل شکان دەبێت، هەرکەسیک وەکو کاک کۆسرەت بیت دەبی پەیکەری بۆ دروست بکرێت و لە ناو مێژوشدا بە ئاوی زێر ناوی بنوسریت و خەباتە پڕ سەروەریەکانی تۆمار بکرێت هەر تەمەن دریژ بێت کاک کۆسرەت و بەسەلامەتی بۆمان بگەڕێتەوە کوردستان و بیبینین وەکو جاری جاران کاری سروشتی خۆی ڕادەپەڕینێت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.